# والله ئەگەر خوای گەورە بە هۆی تۆوە هیدایەتی یەک کەس بدات باشترە بۆ تۆ لە وشترە سوورەکان

لە سەهلی کوڕی سەعدەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «سبەینێ ئاڵاکە دەدەمە دەستی پیاوێک کە خوای گەورە لەسەر دەستی ئەو سەرکەوتن دەبەخشێت، خوای گەورە وپێغەمبەری خۆش دەوێت، وخوای گەورە وپێغەمبەریش ئەویان خۆش دەوێت»، سەهل دەڵێت: کاتێك بەیانیان بەسەردا هات ؛ هەموویان ڕۆیشتن بۆ لای پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-، هەریەکێکیان هیوای وابوو ئاڵاکە بە ئەو بدرێت، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «کوا عەلی کوڕی ئەبی تاڵیب؟»، ووترا: ئەو چاوی ئێش وئازاری هەیە، بۆیە ناردیان بە دوایدا وهێنایان، وپێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- تفێکی کردە نێو چاوەکانییەوە ونزای بۆ کرد؛ بۆیە باش بوو وەکو ئەوە وابێت کە هەرگیز ئێش وئازاری نەبوو بێت، وئاڵاکەی پێدا، وپێی فەرمووی:«لە سەرخۆ بڕۆ هەتا دەچیتە نزیک خاکی ئەوان، پاشان بانگیان بکە بۆ ئیسلام، وهەواڵیان پێ بدە سەبارەت بە مافەکانی خوای گەورە لە ئیسلامدا، والله ئەگەر خوای گەورە بە هۆی تۆوە هیدایەتی یەک کەس بدات باشترە بۆ تۆ لە وشترە سوورەکان».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەواڵیدا سەبارەت بەوەی بەیانی مسوڵمانان سەردەکەون بەسەر جولەکەی خەیبەردا، ئەمیش لەسەر دەستی پیاوێك کە ئاڵاکەی پێدەدات ؛ مەبەست لە ئاڵا ئەو دروشم ونیشانەیە کە سوپا وەکو دروشمی خۆی بەرزی دەکاتەوە. ئەم پیاوە لە سیفەتەکانی ئەوەیە خوای گەورە وپێغەمبەرەکەی خۆشدەوێت، وخوای گەورە وپێغەمبەرەکەیشی خۆشیان دەوێت، هاوەڵان لە شەودا قسە وگفتوگۆیان دەکرد سەبارەت بەوەی ئاڵاکە بە کێ دەدات؟ وەکو هیوایەك بۆ بەدەستهێنانی ئەم ڕێزلێنانە مەزنە، کاتێك بەیانی هات ؛ ڕۆیشتن بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، هەموویان هیوایان وابوو ئەم ڕێزلێنانە بەدەستبهێنن، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پرسیاری کرد: عەلی کوڕی ئەبی تاڵب لە کوێیە -ڕەزای خوای لێبێت-؟ ووترا: ئەو نەخۆشە وچاوی ئازاری هەیە. پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ناردی بەدوایدا، وهێنایان، بە ئاوی پیرۆزی نێو دەمی تفی کردە نێو چاوەکانی، ونزای بۆ کرد، خوای گەورە شیفای پێبەخشی لە نەخۆشیەکەی هەروەکو ئەوە وابێت نەخۆش نەبوو بێت، وئاڵاکەی پێدا، وفەرمانیپێکرد بەوەی لەسەرخۆ بڕوات هەتاوەکو نزیك دەبێتەوە لە قەڵای دوژمن، پاشان هاتنە نێو ئیسلام بخاتە پێشیان وبانگەوازیان بکات بۆ ئەم ئاینە، ئەگەر وەڵامیان دایەوە؛ ئەوەی واجبە لەسەریان بۆیان ڕوون بکەرەوە. پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەزڵی بانگەوازی کردن بۆ لای الله ی ڕوونکردەوە بۆ عەلی، وبانگخواز ئەگەر هۆکار بێت بۆ هیدایەتدانی پیاوێك ئەوا ئەمە خێرترە بۆی لەوەی وشتری سووری هەبێت کە لە گرانبەهاترین سامانەکانی عەرەبە، وخاوەنی بێت وبیکاتە خێر.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3409